## پێشەکی:

ناونیشـــانی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە لەژێر ناونیشـــانی (جوت دەنگیی لە زمانی کوردیدا (لێکۆڵینەوەیەکی شیکاریی ئامارییە))، کە دەچێتە ناو بواری فۆنۆلۆژییەوە.

ئامانج و گرنگی توێژینەوەکە: مەبەســت و ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە ناســاندنی شــیکردنەوەی ئەم دیاردە دەنگییە لە زمانی کوردی و لەگەڵ پیشــاندانی جۆرەکانی لە زمانی کوردیدا، پاشــان خســتنەڕوی جوت دەنگییەکانی زمانی کوردی بەشـــێوەی ئامار و ڕێژە، بە جۆرێک کە هەریەک لە جوت دەنگییەکانی لەڕوی بەرهەم و تواناوە خراونەتەڕو.

سنور و کەرەستەی توێژینەوەکە: لەم توێژینەوەیەدا دیالێکتی ناوەڕاستی زمانی کوردی کراوەتە کەرەستەی توێژینەوەکە، هەروەها کەرەستە و نمونەکانیش لە زمانی قسەکردن و نوسراوەکانی زمانی کوردی وەرگیراون.

ڕێبازی کارپێکراو لە توێژینەوەکە: توێژینەوەکە، بەپێی ڕێبازی وەسفی ئاماریی، ئەنجام دراوە.

گرفتی توێژینەوەکە: جوت دەنگیی بەهۆی ئەوەی کە زۆر جار دەنگەکان تێکەڵ دەبن و ســنوریان بە ئاســانی جیاناکرێنەوە و لە نوســـیندا بە یەک دەنگ دەنوســـرێن نەکراونەتە مژاری لێکۆڵینەوە، بۆیە ئێمە بەدوای ئەم گرفتەدا دەچین.

بەشەکانی توێژینەوەکە: توێژینەوەکە، جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان بە گشتی بۆ دو بەش، دابەشکراوە، لە تەوەرەی یەکەمی بەشی یەکەمدا (زاراوە و چەمکی جوت دەنگیی) ڕونکراوەتەوە، لە تەوەرەی دوەمیشـــدا (جوت دەنگیی و درێژکردنەوە) خراونەتەڕو، تەوەرەی ســـێیەمیش بۆ (پۆلێنکردنی جوت دەنگیی) تەرخانکراوە، هەروەها (جوت دەنگیی و پرۆســـە فۆنۆلۆژییەکان) لە تەوەرەی چوارەمدا هاتونە بەرباس، لە تەوەرەی پێنجەمیشدا (جوت دەنگییەکان لە جێکەوتەکانی وشەدا) ڕونکراونەتەوە، تەوەرەی شەشەم و کۆتایی تایبەتکراوە بۆ (جوت دەنگیی و دەرکەوتنی بەپێی قاڵبی برگە). بەشی دوەمیش بۆ (خستنەڕوی ئامار و ڕێژەی جوت دەنگییەکانی زمانی کوردی) تەرخانکراوە.

## ١/٤-١: جوت دەنگیی و پرۆسە فۆنۆلۆژییەكان

مەبەسـت لە جـوت دەنگیـی و پرۆسـە فۆنۆلۆژییەكـان، دروسـت بـونی جـوت دەنگیـیە بەهـۆی پرۆسەكانەوە، لێرەدا ئەو پرۆسانە دەخەینەڕو، كە جوت دەنگیی دروستدەكەن لە زمانی كوردیدا.

### ١/٤-١-١: جوت دەنگیی و گونجان (Gemination in Total Assimilation):

گونجان چەمكێكە بەهۆی كارلێككردنی یان كاریگەری دەنگێكی دراوسـێ دروسـتدەبێت. ئەم حاڵەتە بەهۆی قورسیە لە دەربڕیندا كە قسەكەران ئارەزو دەكەن بۆ ئاسانی دەربڕین دەنگێك بگۆڕن بە دەنگێكی تر، لێرەشدا دەنگەكە وەك دەنگی دراوسێی دەردەبڕن بەمەبەستی ئاسانی گۆكردن، لەبەرئەوە (Dirven: 2004: 119) ئەوەی خستۆتەڕو كە (ئەم شێوازە قسەكردنە ناچاری نییە بەڵكو ئارەزومەندانەیە و زیاتر وەك شێوازی نارەسـمی بەكاردەهێندرێت، بۆئەوەی لەكاتی قسـە كردن ئاسـودەتر بیت). بەمەش هەندێ جار لە ئەنجامی گونجانی دەنگەكان جوت دەنگیی دروستدەبێت.

(Crystal) پێناسـەی گونجـان (Assimilation) دەكـات بەوەی كە زاراوەیەكـی گشـتییە لەنـاو فۆنەتیـك، كە بەهـۆی كـاریگەری دەنگێـك لەسـەر دەنگێكـی تـر دروسـتدەبێت، بەمەش دەنگەكـان دەبـنە چـونیەك واتە وەك یەكتـر گـۆدەكرێن(Crystal: 2008: 39). هەروەهـا لەسـەر بنەمـای پێناسـەكانی كنسـتویچ (Kenstowicz: 1994: 21)، ئـارلاتۆ (آرلاتـو: ١٣٨٤: ١١٨_١٢٢)، بێركوئێسـت ( Burquest: 2001: 117)، لە پرۆسـەی گونجانـدا، دەنـگ بـۆئەوەی كە هاوشـێوەی دەنـگەكەی تەنیشـتی بێـت و یـان لەگەڵ ئەو یەكسـان بێـت، بـۆی هەیە بگۆڕێـت لەڕوی تایبەتمەنـدی شـوێنی بەرهەمهێنـان، یـان شـێوەی بەدیهێنـان. بە ڕای ئـارلاتۆ(آرلاتو: ١٣٨٤: ١١٨) و بێركوئێسـت(Burquest: 2001: 117) یەكێـك لە هۆكارەكـانی ڕودانـی چـونییەكی، كـاریگەری دەنگـی دواتـر و ئاسـانكاری جـوڵەی ماسـولكەكان بـۆ دەربڕینـی ئەو دەنـگە دادەنـێن. دەتـوانین بڵێـین گونجـانی تەواوەتـی یەكێـك لە هۆكـارە گرنگەكـانە، كە دەبێـتە هـۆی دروسـتبونی وشـە جـوت دەنگەكـان، كە لە ئەنجامـدا جـوت دەنگیـی بەهـۆی چـونیەكییەوە بەدیـدێت(كامبوزیا و تاجآبـادی: ١٣٨٥: ٣٣٩). وەك لە وشـەكانی (حەڤـدە، هانـدان، گوڵـدان، دڵـدار)، كە پـاش كـاركردنی پرۆسـەی گونجـان دەبـن بە (حەڤـڤە، هاننـان، گـوڵڵان، دڵـڵار)، لێـرەدا بەهـۆی كـاریگەری دەنگـی دراوسـێ و گـۆكردنی ئەم دەنـگە وەكـو دەنگـی دراوسـێ بەمەبەسـتی ئاسـانی دەربـڕین، ئەم گۆڕانكـاریە بـۆتە هـۆی هاتنەئـارایی جـوت دەنگیـی بەهـۆی گونجـان. جێگـای باسـە ئەم پرۆسـەیە تەنهـا لە حاڵەتی قسەكردن دەردەكەوێت و لە نوسیندا نییە.

بۆ ڕونكردنەوەی جوت دەنگیی و گونجان، وشەی /حەڤڤە/ [ħavvə] پێش كاركردنی پرۆسەی گونجان و دوای كاركردنی پرۆسەی گونجان لە هێڵكاری ژمارە(١٢) و (١٣) دەخەینەڕو، بەم شێوەیە:

Journal of University of Raparin گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

# Gemination In Kurdish Language
# (A statistical analysis study)

**Sherwan Hussen Hamed**
Kurdish Department, College of Basic Education, Raparin University, Rania, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail**: sherwan983@uor.edu.krd

**Raz Aziz Ahmed**
Kurdish Department, College of Basic Education, Raparin University, Rania, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail**: Raz.aziz@uor.edu.krd

**Abstract:**

This study, entitled (Gemination In Kurdish Language(A Statical Analysis Study)), into the phenomenon of the formation of two similar consonants. It goes into the field of phonology and has utilized descriptive statistics. The study wants to answer the question of how and how many forms this phenomenon manifests itself in the Kurdish language. For this purpose, the study, besides introduction, results and bibliography, will be divided into two parts: In the first part, we introduce the phenomenon of germination and is types, and in the second part, we analyze and show the statistics of gemination in Kurdish.

**Keywords:** Gemination, Phonology, Collocation, Underling Geminates, Derived Geminates.

